

# ماسۆسپۆندایلوس

Massospondylus = Mass - o – spon – die – luss




## تایبەتمەندی:

مانای وشەیی ماسۆسپۆندایلوس، بەواتای مۆغەرە زەلام ـ ە . ئەو چەشنە دایناسۆرە خاوەنی ملێکی یەکجار زۆر درێژ ، سەرێکی زۆر بچکۆلانە و کلکێکی زێدە درێژ بوون. دوو قاچەکانیان گەلێک درێژتر و بە تواناتر لە دەستەکانیان بوون و لەوانەیە توانیبێتیان زۆر بە هاسانی لە سەر دوو پێیان بەرز ببنەوە و ڕاوەستن.


ماسۆسپۆندایلوس

هەر یەک لە دەستەکانیان پێنج پەنجەی درێژیان هەبووە کە هەر قامکەیشیان چەنگوڕێکی تیژ و قایمی بەسەرەوە بووە. وا وێدەچێت کە ئەو چنگ و نینۆکانە سەرەڕای ڕۆیشتن و غاردان، بۆ هەڵگرتن و گرتنی خۆراک و تەنانەت پڕ پێداگرتن و شەڕ و بەرگریش کەڵکی لێ وەرگیرابێت.




## خورد و خۆراکی ماسۆسپۆندایلوس :

ماسۆسپۆندایلوس گیاندارێکی شینکەخۆر بووە و لە گوڵ و گەڵا و بەر و بومی درەختان خواردوویەتی. بەپێی ئاسەواری فۆسیلیی ئاشک و ڕیخوڵەی فۆسیلی ئەم گیاندارە، دەردەکەوێت کە هاودەم دەگەڵ خواردنی گژ و گیا، خڕە بەردیشیان قووت دابێت. هەروەکی چۆن پەلەوری سەردەمی ئێمە لە دەمی چینەکردندا وردەبەردان قوت دەدەن تا لە گاسترۆلیت(سیکەتۆرە) دا دەنک و دان وردبکەن، ئەو گیاندارش هەر ئەم کارەی کردووە.

درێژایی بەژن و باڵایان، لە تەپڵی سەریانەوە هەتا بنەی کلکیان، نزیک بەچوار مەتر ، بەرزایی لەش و لاریان (1.6مەتر) و کێش و قورساییەکەیشیان 235 کیلۆ مەزەندە کراوە.


## سەردەمی ژیانی ماسۆسپۆندایلوس:

ماسۆسپۆندایلوسەکان لە درێژەی دەورەی ژوراسیکی سەرەتایی ، واتە لە نێوانی 194 هەتا 205 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستادا ژیاون. ئەم چەشنە دایناسۆرە، کۆن و قەدیمیترینی دایناسۆرەکانی سەر ئەم زەمینە دەژمێردرێن و دەکرێ بگوترێت سەرتایفە و سەرقافڵەی هەموو دایناسۆرەکان بوونە.




## شوێنی ژیان و دۆزینەوەی فۆسیلی ماسۆسپۆندایلوس:

زۆربەی ئاسەواری فۆسیلیی ئەم گیاندارە لە وڵاتانی ئەفریکایی(نامیبیا، زیمبابوەی و ئەفریکای باشوور) هەروەها لە پێدەشتەکانی ئاریزونای ئەمریکای باکوور دۆزراونەتەوە. شوێنەوارناس و دێرینەناسێک بەناوی (ریچارد ئەوێن) لە ساڵی 1854 ناوی لێناوە.




ریچارد ئەوێن



رادەی فام و پلەی بەهەری هۆشی ماسۆسپۆندایلوس :


ئەو چەشنە دایناسۆرە لە بەرەی ساورۆپۆدەکان بوون . بەرەی ساورۆپۆدەکانیش لە ڕیزەی دایناسۆرە کەم فامەکان دا بوون و بەهرەی هۆشیان لە پلەیەکی نزم دا بووە.




چەند نموونە لە فۆسیلی ماسۆسپۆندایلوسەکان :





BP/1/4934
© Bruce G. Marcot



© Bruce G. Marcot




B







1
2
3

# مامەنکەیساوروس

Mamenkysaurus= mah-Men-key-Saw-rus



مامەنکەیساوروس

## تایبەتمەندی :


ئەم چەشنە دایناسۆرە دوای ساورۆپۆسیدۆن، کە فۆسیلەکانیان لەم دواییانە دا دۆزراونەتەوە، بە مل درێژترین گیانداری روی زەمین دەژمێردرێن. شایانی باسە بگوترێ کە درێژایی ملییان بە ( 14 مەتر) مەزەندە کراوە.

## ملدرێژیی مامەنکەیساوروس چ هۆیەکی تێدا بەستە بووە؟

مامەنکەیساوروس گیاندارێکی گیاخۆر بووە. گیانداری گیاخۆری وەک ئەو، بۆ خۆ تیر کردن ناچار بووە لە دارستان و جەنگەڵە چڕ و پڕەکاندا سەر بە هەموو لایەکدا بگێڕن. هەر شان بە شانی ئەو چەشنە دایناسۆرە، چەشنێکی تریش بە ناوی ساورۆپۆسیدۆن، لە هەمان دارستان و لێڕەوارەکاندا خەریکی لەوەڕ بوونە. بەڵام ساورۆپۆدەکان چونکە ملدرێژتر بوون، لە سای ملی درێژیانەوە توانیویانە سەرچڵی دارستانەکان بخۆن و دارستان بڕوتێننەوە. لەم گەشتەدا مامەنکەیساوروس دەبوایە پارالێل دەگەڵ زەوی مل بە نێوبەندی دارستانەکاندا بگێڕێت و لە لک و پۆپی خوارەوەی دارستانەکان بخۆن. لەوانەیە ئەم چەشنە لەوەڕە بووبێتە هۆی ئەوە کە لە درێژەی ملیۆنانساڵدا ملی ئەو گیاندارە درێژ و درێژتر بووبێتەوە.
ملی درێژی مامەنکیساوروس لە 19 مۆرە پێکهاتبوو. کە لە ژمارە مۆرەی هەموو گیاندارانی تر پتر بووە.




درێژایی بەژنی مامەنکەیساوروس نزیک بە (33 مەتر) ، کە 14 مەتری مل و 14 مەتری کلک بووە. کلکی درێژی ئەم گیاندارەش لە چەرخەی گەشەی گیاندارانداهەر بەو هۆیە بووە، کە ملی درێژ و کلکی درێژ پارالێلی لەشی بپارێزن.
کێش و قورسایی لەشی مامەنکەیساوروس نزیک بە 12000 کیلۆ بووە.



مامەنکەیساوروس

دوو قاچی دواوەوەی مامەنکەیساوروس لە دووی پێشووی درێژتر بوونە. لە فۆسیلی شوێن پێی ئەو چەشنە دایناسۆرە دەردەکەوێت کە لە سەر چوار پێیان ڕۆیشتووە و لە ڕۆیشتن دا زۆر بە هێوری هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. زانایان لە ڕێی خوێندنەوەی فۆسیلی شوێن پێی دایناسۆری ناوبراو ، توانیویانە درێژایی قاچەکانی و تەنانەت کێش و قورسایی لەشیشی مەزەندە بکەن.

کاژەڵەی سەری مامەنکیساوروس بچووک و چوارسووچ و چەشنی قوتیلە بووە، کە لەو قوتیلەیەش دا مێشکێکی کەمی تێدا بووە.

جێگای کونەلووتی ئەو چەشنە دایناسۆرە، لە بەشی سەرەوەی دم و چاوی و، نزیک بە تەپڵی سەری دا بووە.

ددانەکانی بزماری بوون، بەڵام هەر بەس لە بەشی پێشەوەی دەم و زاری دا ددانی هەبووە و لە بەشی دواوەی زاری دا هیچ ددانێکی نەبووە.



ددانەکانی مامەنکیساوروس


## خورد و خۆراکی مامەنکیساوروس :

خۆراکی هەرە باشی ڕۆژانەی مامەنکەیساوروس پەلک و گەڵا و بەرگ و بەری داری سەوڵ و سنەوبەر بووە. لەوانەیە لە گژ و گیای وەک قەوزە و جەگەن و چەشنی ئەوانیش کەڵکیان وەرگرتبێت.



مامەنکەیساوروس لە دارستانەکاندا


ئەو گیاندارە گیاخۆرە دەبوایە بۆ بەڕێوەبردنی ئەندامی زل و جەستەی 12000 کیلۆیی خۆی، بەردەوام لە خواردن دابێت. لە خواردنیش دا زۆر بە پەلە و بەبێ جووتن خواردوویەتی. سروشت لە سۆنگەی ئەو چەشنە خواردنە دا ڕیخۆڵەی دوور و درێژی پێدابوو. لە ڕیخۆڵەی دوور و درێژیشی دا بۆ وردکردن و تواندنەوەی گژ و گیا ، لە وردە بەردی ناو ئاشک و ڕیخۆڵە کەڵکی وەرگرتبوو.



مامەنکەیساوروس لە کاتی لەوەڕ دا

شێوەی ژیان :

مامەنکەیساوروس ـ ەکان بە ڕەوە و پێکەوە ژیاون . ئەم ڕەوە زۆرخۆر و چڵێسە دوای ئەوەیکە دارستانێکیان بەرەو ڕووتاندوە بردووە و لەوەڕگەیەکیان پێشێل کردووە، بەتێکڕا کۆچیان کردووە و ڕوویان کردۆتە دارستانێکی دەست لێندراو.



ڕەوەی تێکڕایی مامەنکیساوروس ـ ە کان

## زا و زووی مامەنكیساوروسەكان :

سەبارەت بە زە و زووی ئەم چەشنە دایناسۆرە، ئەم ئەگەرە هەیە كە ئەوان هێلكە كەر بووبن. فۆسیلی هێلكەگەلێک لە دەشتی ئاواڵەی بێ هێلانە دا دۆزراونەتەوە كە ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەكەنەوە كە هی چەشنی ساورۆپۆدەكان بووبن. مامەنكەیساوروس ـ ەكان كە خۆیان چەشنێک ساورۆپۆد بوون، واپێدەچێت ئەم چەشنە دایناسۆرەش لە كاتی كۆچ و سەفەردا هێلكەیان كردبێت و جێیان هێشتبن. پسپۆڕانی دایناسۆرناس ڕایان وایە كە ساورۆپۆدەكان لە كاتی كۆچكردندا هێلكەیان كردووە و جێیان هێشتوون.

تەمەنی چەشنی ساورۆپۆدەكان نزیک بە سەد ساڵ بووە.


## فام و هۆش :

لە سەرەتای ناسین و لێكۆڵینەوە دا ئەم بۆچوونە لە ئارا دابوو كە چەشنی ساورۆپۆدەكان واتە(دیپلۆدۆكوس، براكیۆساورس، ئاپاتۆساورس )ەكان، جگە لە مێشكی ناو كاژەڵەی سەریان، مێشكێكی دووەمینیشیان هەبووبێت.



بەڵام ئەمڕۆكە زانایان دێرینەناس و پسپۆڕانی ئەم بوارە پێیان وایە ئەوەیكە جاران پێیان وابووە مێشكی دووهەمینە، وا نەبووە؛ بەڵكە ئەوە گەشە و ئەستوور بوونی دەماری هەستیاریی نێو ڕانی ئەو گیاندارانە بووە كە پێشینیانی تووشی هەڵە كردبوو. لە ڕاستیدا، گەشە و ئەستووربوونی دەماری هەستیاریی نێو ڕانی ئەو چەشنە دایناسۆرانە بەڕادەیەک بووە، كە لە مێشكی بچووكی ناو كەللەی خودی گیاندارەكە مەزنتر بووە.

مامەنکەیساوروس ـ ەکان، کە چەشنێک لە ساورۆپۆدەکان بوون. لە باری بەهرەی فام و هۆشیانەوە لە ڕادەی هەرە خوارووی سەرجەمی گیاندارانی سەردەمی خۆیان دا بوونە.




## سەردەمی ژیانی مامەنکەیساوروس :

مامەنکەیساوروس ـ ەکان لە دەورەی ژووراسیکی کۆن، نزیک بە 145 ـ 156 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا ژیاون. لە سەردەمی ژیانی ئەم چەشنە دایناسۆرە دا، ئاو و هەوای گۆی زەوی زۆر گەرم و بە باران بووە. بەرزایی ئاوی دەریاکان زۆر لە سەرێ بوونە و هیچ ئاسەوارێکی بەفر و سەهۆڵی دایمی بەسەر خڕۆکی زەوییەوە نەبووە. هەربۆیە ئەو سەردەمە، سەردەمی گەشەی مەزنترین گیاندارانی وەک : (کاماراساوروس، ئاپاتۆساوروس، دیپلۆدۆکوس و براکیۆساوروس)ەکان بووە. سەرەڕای ئەو ناوبراوانە، هی تری وەک:( ستگۆساورس، تۆجیانۆگۆساوروس، ئالۆساوروس ، سۆپەرساوروس، کۆئێلۆرۆساوروس)ەکان و چەندین چەشنی تریشی تێدا ژیاون.




فۆسیلی مامەنکەیساوروس و شوێنی دۆزینەوەیان :




بەشێک لە ئەندامی فۆسیلەبووی مامەنکەیساوروس

فۆسیلی چەشنی مامەنکەیساوروس لە وڵاتی چین دۆزرانەوە و لە ساڵی 1954، پسپۆڕێکی چینی بە ناوی (چۆنگ چین یانگ) ئەم ناوەی لێنان. مامەنکەیساوروس


بە مانای دایناسۆری(ئازاد)ە. شیاوی ئامازەیە کە، ناوی ئازاد، ناوی مەڵبەندێکە لە وڵاتی چین کە فۆسیکی ئەو دایناسۆرەی لێ دۆزراوەتەوە.

....................................

# یانگچوانۆساوروس
Yangchuanosauru = yang-Schwan-o-Saw-rus




تایبەتمەندی :
یانگچوان، مەڵبەندێکی بەشی ڕۆژهەلاتی وڵات (چین)ە. فۆسیلی ئەو چەشنە دایناسۆرە لەو مەڵبەندە دا دۆزراونەتەوە و ناوی(یانکچوان)ی وەرگرتووە.
یانگچوانۆساوروس لە باری نمای ئەندامەوە زیاتر لە (ئەلۆساوروس)ەکان چووە، بەڵام ئالۆساوروسەکان کەمێک درشت تر و بەتواناتر بوونە.








یانگچۆانۆ ساوروس خاوەنی دوو باسکی کورتی بچووک بووە، کە هەر باسکەی بە دەستێکی سێ قامکەی چەنگوڕدار کۆتایی هاتووە. دەست و باسکی ئەو گیاندارە

زیاتر بۆ گرتنی خورد و خۆراک کاری پێکراوه، بەڵام لەوانەیە جار جارەش لە شەڕ و بەرگری کردندا دەکاری هێنابن. ئەگینا ڕەوت و ڕۆ و ڕاوەستان و هەڵتنەکەی هەر لە سەر دوو لاقی دا بووە. جەستەی قورسی 3200 کیلۆیی ئەو گیانداره لە سەر دوو لاقی بەتاقەتی دا بەرەو هەموو سوێ و سوقاقێک ڕادراوه و لە ڕاکردنی ڕاوگەکاندا یاریکارێکی بە مەتمانەیی بوون. هەر قاچەی ئەو دایناسۆره سێ قامکی چەنگوڕ داری لە پێشەوه دابووه و چەقەیەکی نینۆک داریشی لە پاش پێی دا هەبووە.



بەپێی خوێندنەوەی شوێن پێی ئەو چەشنە دایناسۆره، کە وەک فۆسیل لێی جێ ماوەتەوه، دەردەکەوێت کە توانیوێتی زۆر بەخێرایی ڕابکات.
لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەو گیانداره، کەڵلەسەری مەزن، دوو شەویلکەی بەهێز و دوو ڕێزە ددانی تیژ و درشتی بووە.




درێژایی کەللەسەری یانگچوانۆساوروس یەک مەتر و دە سانتیمەتر بووە کە لە بەشی نێوچاوانی و سەر لمبۆزەکەیدا چەند زەقایی ئێسقانی، بە چەشنی لوساوک، هەتا سەر لێوی سەرووی دا هاتبوون. هەروەها درێژەی ئەو دیوارە ئێسقانییانە بە دەوری دوو چاوی و بەرەو سەرملیشی دا کشابوونە، کە وێدەچێت و دەبێ ڕواڵەتێکی سامناکیان پێ بەخشی بێت.

بەرزایی بەژنی یانگچوانۆ نزیک بە 4/5 مەتر، درێژیی ئانداميان لە تەپڵی سەرەوە هەتا بنەی کلکیان(11) مەتر بووە.

دەکرێ بگوترێ کە نیوەی سەنگ و کێشی 3200 کیلۆیی یانگچوانۆساوروسەکان، پەیوەندی بە کلکیانەوە بووە. کلکی ئەو گیاندارە یەکجار ئەستوور و پڕ ماسولکە و بەهێز بووە و لە شەڕ و پەلامار و داکۆکی دا یاریکاری بووە.

## خورد و خۆراکی یانگچوانۆساوروسەکان :

یانگچوانۆساوروسەکان گیاندارانێکی گۆشتخۆر بوون. ئەو ڕاوکەرە زۆرخۆرانە، لە کاتی برسی بوون دا هەر گیاندارێکی کە لە ڕاوگەکاندا توشی هاتوونە، دەگژی ڕۆدەهاتن و هێرشیان کردۆتێ. تەنانەت زۆرجاران هەڵمەتیان بردۆتە سەر سارۆپۆدەکان و ئەوانیشیان دە خۆڵ گەوزاندووە.





شەڕی نێوان یانگچوانۆساوروس و دایناسۆرێکی گیاخۆر

هاتبا و نەچیری زیندوویان دەست نەکەوتبایە، لە گیانداری مندارەوە بووش نەبوراون و خواردوویانە.

لە ڕاوکردندا پێکەوە و شان بە شانی یەک چوونە نەچیرگەکان و پێکەوە ڕاویان کردووە و خواردوویانە.


## سەردەمی ژیانی یانگچوانۆساوروس :

ئەو چەشنە دایناسۆرە لە درێژایی ژوراسیک و سەرەتای کرەتاسیوس ، واتە لە نێوان (163 ـ 145) ملیۆن ساڵ بەر لە ئیمرۆ دا ژیانیان بردۆتە سەر.




## ڕادەی بەهرەی هۆشی یانگچوانۆساوروسەکان :

ئەو چەشنە دایناسۆرە لە بەرەی (کارنۆساوروس)ەکان دا بوون. بەرەی ناوبراو بە هۆی ئەوە کە ڕێژەی مێشکیان بە نیسبەتی قورسایی لەش و لاریان لە نیسبەتێکی باڵا دا بووە، لە ڕێزەی دایناسۆرە فامدار و بەهۆشەکان دا دەژمێردرێن.





## شوێنی دۆزینەوەی فۆسیلی یانگچوانۆساوروسەکان :

ساڵی 1970 لە مەڵبەندی (یانگچوان)ی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی چین دا یەکەمین فۆسیلی ئەو چەشنە دایناسۆرە دۆزرایەوە و دیرینە ناسێکی بە ناوی (دۆنگ ژیمینگ) لە ساڵی 1978 دا ناوی لێنا.



# چەند نمونە لە فۆسیلی یانگچوانۆساوروس






www.gagesh.com






……